ژمارە: / /

ڕێکەوت: ٣١ / ٣ / ٢٠٢١

رقم: / /

تاريخ: / / ٢٠٢١

**بەرێز / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بابەت/ پێشنیازە یاسا**

سڵاو ڕێز...

ئێمە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە پێشنیازە یاسای (بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە خێزان و ئافرەت لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق) تان پێشکەش دەکەین، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان.

لەگەڵ ڕێزدا....

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | لبنه ابراهیم عبدالرحمن دزەیی | |
| ٢ | رێوینگ هەکاری | |
| ٣ | سەلمە فاتح تۆفیق | |
| ٤ | جەلال پەرێشان | |
| ٥ | جوان یونس تۆربەیانی | |
| ٦ | [illegible] صالح | |
| ٧ | نجاة شعبان عبدالله | |
| ٨ | نزار کوچەر | |
| ٩ | لقمان حەمە ساڵح وردی | |
| ١٠ | [illegible] عبید عثمان [illegible] | |

بەرێز سکرتێری پەرلەمان

| | | |
|---|---|---|
| ١١ | گولیزار رشید سندی | |
| ١٢ | ئایان طاهر | |
| ١٣ | پیشەوا طاهر ورامانی | |
| ١٤ | بختیار شکری بەهمان | |
| ١٥ | سارە دلشاد ئاکر | |
| ١٦ | وصیف شهید [illegible] | |
| ١٧ | کاروان حسن کوسیبانی | |
| ١٨ | ملا احسان ریکانی | |
| ١٩ | سفین آغا عمر کەرادی | |
| ٢٠ | ریواز محمد کریم | |
| ٢١ | فیصل عباس محولا | |
| ٢٢ | سوسن محمد صالح | |
| ٢٣ | لینا فلك الدین کاکەیی | |
| ٢٤ | هدیة مراد صور | |
| ٢٥ | هوکر ئوزاد ... | |
| ٢٦ | عبدالسلام عبدالله حسنی دولەمەری | |
| ٢٧ | گولستان باقی نهێلی | |
| ٢٨ | شیرینکان عبدالله اسد | |
| ٢٩ | سعید مصطفی احمد رکی | |
| ٣٠ | دلزیدان بیرادوست | |
| ٣١ | رنگنک حمد | |

٢٧ سفینە آغا عمر

بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
برلمان اقليم كوردستان-العراق

**استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه مجلس وزراء اقليم كوردستان-العراق، قرر برلمان كوردستان-العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة ( ) والمنعقدة بتاريخ ( ) تم تشريع القانون الآتي:**

**قانون رقم ( ) لسنة**

**قانون مكافحة العنف ضد المرأة والاسرة**

**التعاريف والاهداف**

**المادة الاولى:** يقصد بالمصطلحات الآتية لاغراض هذا القانون القانون المعاني المبينة ازاءها:

**اولاً** /الاقليم : اقليم كوردستان - العراق.

**ثانياً/** الاسرة: مجموعة اشخاص طبيعيين تربطهم رابطة الزوجية او القرابة الى الدرجة الرابعة ، ومن يكون قد تم ضمه الى الاسرة قانوناً .

**ثالثاً/** العنف الاسري: أي فعل أو امتناع موجه ضد احد أفراد الاسرة من قبل فرد آخر داخل الاسرة بقرابة الى الدرجة الرابعة ، بقصد الاعتداء على حقه في الحياة أو سلامة جسده أو عرضه أو بقصد الانتقاص من ذمته المالية.

رابعاً/ العنف ضد المرأة :- أيّ فعل او امتناع مبني على اساس النوع الاجتماعي موجه ضد المرأة ويترتب عليه الحاق الاذى بها ، سواء من الناحية الجسدية أو الجنسية أو النفسية، بما في ذلك التهديد بارتكاب فعل أو الحرمان من الحرية، موجه ضدها في الحياة العامة أو الخاصة .

**خامساً/** أمر الحماية: الأمر الصادر من قاضي التحقيق أو المحكمة المختصة بوضع المجنى عليه في مكان آمن لحين زوال الخطر أو التهديد.

**سادساً/** امر الابعاد: هو الأمر الصادر من محكمة التحقيق أو المحكمة المختصة بأبعاد المتهم بارتكاب العنف لحين حسم الدعوى الجزائية.

**سابعاً/** المديرية العامة : المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المرأة والاسرة.

**ثامناً/** مديرية مكافحة العنف: مديريات مكافحة العنف ضد المرأة والاسرة .

**تاسعاً/** مكتب مكافحة العنف : مكاتب مكافحة العنف ضد المرأة والاسرة والتي ترتبط بمديريات مكافحة العنف ضد المراة والاسرة.

**عاشراً/** مراكز الاستشارات الاسرية: المراكز المختصة بالقضايا التى تحال اليها من المحكمة لاصلاح ذات البين بين المجنى عليه والمتهم ، او تقديم الاستشارات الاسرية بناءاً على طلب المتضرر من العنف الاسري.

## جرائم العنف ضد المرأة والعنف الاسري

**المادة الثانية**

تعد الجرائم الاتية جرائم عنف ضد المرأة او الاسرة :

١- الاكراه في الزواج.
٢- زواج الشغار وتزويج الصغير.
٣- التزويج بدلاً عن الدية.
٤- الطلاق بالاكراه.
٥- قطع صلة الارحام.
٦- اكراه الزوج للزوجة على البغاء وامتهان الدعارة.
٧- التهديد .
٨- اجبار افراد الاسرة على ترك الوظيفة او العمل رغماً عنهم.
٩- اجبار الاطفال على العمل والتسول وترك الدراسة.
١٠- الانتحار اثر العنف.
١١- الاجهاض اثر العنف.
١٢- ضرب المرأة او احد افراد الاسرة والاطفال بأية حجة.
١٣- الاهانة والسب وشتم الاهل .
١٤- ابداء النظرة الدونية تجاه المرأة او الاسرة.
١٥- الايذاء وممارسة الضغط النفسي على المرأة او احد افراد الاسرة.
١٦- المعاشرة الزوجية بالاكراه.
١٧- ختان الاناث ويعد عاهة مستديمة ،و يعتبر ظرفاً مشدداً للجاني اذا كان الفاعل طبيباً او صيدلياً او كيميائياً او قابلة او احد معاونيهم وعلى المحكمة ان تأمر بمنعه من مزاولة مهنته او عمله مدة لاتزيد على ثلاث سنوات.

## تحريك الدعوى الجزائية وتشكيل المحكمة

**المادة الثالثة :**

**اولاً:** تحرك الدعوى الجزائية في جرائم العنف الاسري او العنف ضد المرأة بشكوى شفوية أو تحريرية تقدم الى قاضي التحقيق أو المحقق أو أي مسؤول في مركز الشرطة او أي من اعضاء الضبط القضائي من قبل المجنى عليه أو من يقوم مقامه قانونا او اي شخص آخر علم بوقوع الجريمة.

**ثانياً:** لكل من علم بوقوع جريمة عنف اخبار قاضي التحقيق أو المحقق أو الادعاء العام أو المسؤول في مركز الشرطة أو أحد اعضاء الضبط القضائي.

**ثالثاً:** يجوز للمخبر في جرائم العنف أن يطلب عدم الكشف عن هويته.

**رابعاً:** ينظم في كل محكمة تحقيق سجل خاص يسمي (سجل المخبرين السريين) تدون فيه خلاصة الاخبار و افادة المخبر و لايجوز لغير القاضي أو المحكمة المختصة الاطلاع على هذا السجل.

**المادة الرابعة :-**

**اولاً** –تشكل محكمة تحقيق و محكمة جنح مختصة بقضايا العنف في كل المدن والاقضية والنواحي التي فيها محكمة بداءة.

**ثانياً:**

١. يختص ضباط مكاتب مديريات مكافحة العنف ضد المرأة والعنف الاسري في الاقليم بالتحقيق في جرائم العنف اذا صدر اليه امر من قاضي التحقيق او المحقق او اذا اعتقد ان احالة المخبر على الحاكم او المحقق تؤخر به الاجراءات مما يؤدي الى ضياع معالم الجريمة او الاضرار بسير التحقيق او هرب المتهم على ان يعرض الاوراق التحقيقية على القاضي او المحقق حال فراغه منها.
٢. تحال جميع القضايا الخاصة بهذه الجرائم اليها والتى لاتزال رهن التحقيق بعد نفاذ هذا القانون الى هذه المكاتب.
٣. يخصص ضابط في مراكز الشرطة للتحقيق في جرائم العنف في الوحدات الادارية التي لايوجد فيها مكتب مكافحة العنف .

## رعاية الضحايا وتوعية المجتمع

**المادة الخامسة :-**

**اولاً** :على وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم توفير مراكزمناسبة لايواء ضحايا العنف ، وتخضع هذه المراكز لرقابة الادعاء العام وحماية وزارة الداخلية .

**ثانياً**: على وزارة الصحة توفير الرعاية الصحية الكاملة مجاناً لضحايا العنف.

**المادة السادسة :-**

**اولاً** : على المجلس الاعلى لشؤون المرأة وبالتعاون والتنسيق مع وزارات الداخلية و الاوقاف و الصحة و الشؤون الاجتماعية و التربية و التعليم العالي و الثقافة والمنظمات الدولية ومنظمات المجتمع المدني ذات العلاقة الترويج لثقافة مناهضة العنف الاسري والعنف ضد المرأة.

**ثانياً**: على وزارتي التربية و التعليم العالي ادخال ثقافة مناهضة العنف الاسري و العنف ضد المرأة في المناهج التعليمية في المدارس والجامعات والمعاهد الحكومية والاهلية.

## الحماية والابعاد

**المادة السابعة :**

**اولاً/ امر الحماية:**

١. يجوز للقاضي و بناءا على طلب تحريري يقدم من الضحية أو تقرير يقد م من مديرية مكافحة العنف في حال وجود خطر يهدد أحد أفراد الاسرة أن يصدر أمرا بالحماية و إيداع الضحية في أحد المراكز المعدة لهذا الغرض.
٢. على محكمة التحقيق أو المحكمة المختصة رفع أمر الحماية عند تأكدها من زوال الخطر أو التهديد عن الصادر لمصلحة أمر الحماية.

٣. لايجوز لأي شخص مقابلة من صدر لمصلحته أمر الحماية دون موافقته التحريرية أو موافقة ممثله القانوني اذا كان حدثا او عديم الاهلية و باشراف الباحث الإجتماعي في مركز الايواء وبحضور ضابط مكافحة العنف.

٤. يقوم مكاتب مكافحة العنف باعلام القاضي تحريريا في حال زوال الخطر أو التهديد على من صدر لمصلحته أمر الحماية.

**ثانياً/ امر الابعاد:**

١. يجوز لمحكمة التحقيق أو المحكمة المختصة إصدار أمر إحترازي بأبعاد الشخص الذي ارتكب عنفا اسريا عن منزل الاسرة و منعه من الاتصال بالضحية لحين حسم القضية مع استمراره بدفع نفقات الاسرة اذا كان معيلا لها.

٢. لايجوز لمرتكب العنف الاسري المبعد عن الاسرة بموجب احكام الفقرة (١) من هذه المادة أن يتصل بأفراد اسرته الا بموافقتهم أو موافقة الممثل القانوني لافراد الاسرة اذا لم يكونوا قد اتموا الثامنة عشرة من العمراو كان الضحية عديم الاهلية ،و تتم المقابلة في مكان يحدده قاضي التحقيق أو المحكمة المختصة و باشراف الباحث الاجتماعي في مكاتب مديريات مكافحة العنف ضد المراة و بحضور ضابط مكافحة العنف.

٣. يتولى مكتب مكافحة العنف ضد المراة الذي يقع ضمن حدوده الإدارية منزل الاسرة مراقبة تطبيق الأمر الاحترازي و على المكتب إخبار قاضي التحقيق أو المحكمة المختصة فورا في حال انتهاك الأمر الاحترازي.

٤. اذا كان المتهم حدثا يودع في مركز الايواء المعد لهذا الغرض أو يسلم الى احد اقرباءه لقاء تعهد بالمحافظة عليه و احضاره امام الجهات القانونية المختصة عند الطلب.

٥. على المحكمة توقيف المتهم لحين حسم الدعوى في حالة انتهاك امر الابعاد من قبل المتهم .

**المادة الثامنة :**

١. على المحكمة احالة المجنى عليه و المتهم الى مركز الاستشارات الاسرية في مديريات مكافحة العنف او مكاتبها لغرض عرضهم على خبراء المركز و المسجلين ضمن جدول الخبراء في رئاسة محاكم الاستناف لاصلاح ذات البين. في قضايا العنف الاسري.

٢. على وزارة الداخلية اصدار تعليمات تنظيم عمل مركز الاستشارات الاسرية.

## الاحكام الختامية

**المادة التاسعة :**

**اولاً:** تطبق احكام قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل وقانون تعديل تطبيق قانون الاحوال الشخصية رقم (١٥) لسنة ٢٠٠٨ والقوانين الاخرى النافذة في الاقليم فيما يخص جرائم العنف المنصوص عليها في هذا القانون .

**ثانياً:** يطبق قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل فيما لم يرد به نص في هذا القانون

**المادة العاشرة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشر :**

يلغى قانون مناهضة العنف الاسري رقم ٨ لسنة ٢٠١١.

**المادة الثانية عشر :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة :**

نظراً لتطور العلاقات الاجتماعية مما سبب زيادة في حالات العنف ضد المرآة والعنف الاسري ووجود صعوبات في تطبيق قانون مناهضة العنف الاسري رقم ٨ لسنة ٢٠١١ فقد شرع هذا القانون .

# یاسای ژمارە ( )ی ساڵی

# یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت و خێزان

## پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: خێزان: کۆمەڵێك کەسی سروشتی کە پەیوەندیی خێزانی یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم دەیانبەستێتەوە، لەگەڵ ئەو کەسەش کە بەیاسا خراوەتە باوەشی خێزان.

سێیەم: توندوتیژیی خێزانی: هەر کردارێك یان ئەنجامنەدانی کارێك ئاراستەکراو بێت دژ بە یەکێك لە تاکەکانی خێزان لە لایەن تاکێکی دیکەی ناو خێزانەکە بەخزمایەتی تا پلەی چوارەم، بەمەبەستی دەستدرێژی کردنە سەر مافی ژیانی یان سەلامەتیی جەستەی یان ناموسی یان بەمەبەستی کەمکردنی ئەستۆی دارایی.

چوارەم: توندوتیژی دژ بە ئافرەت: هەر کردارێك یان ئەنجامنەدانی کارێك لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی دژ بە ئافرەت ئاراستەکراوبێت و ببێتە مایەی ئەزیەتدانی، چ لە لایەنی جەستەیی بێت یان سێکسی یان دەروونی، لە نێوانیشیاندا هەڕەشەکردن بە ئەنجامدانی کردارێك یان بێبەشکردن لە ئازادی، کە لە دژی ئافرەت ئاراستەکراو بێت لە ژیانی گشتی یان تایبەتی.

پێنجەم: فەرمانی پاراستن: فەرمانی دەرکراو لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگای تایبەتمەند بە دانانی تاوانلێکراو لە شوێنێکی ئارام تاوەکو نەمانی مەترسی یان هەڕەشە.

شەشەم: فەرمانی دوورخستنەوە: فەرمانی دەرکراو لە لایەن دادگای لێکۆڵینەوە یان دادگای تایبەتمەند بە دوورخستنەوەی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی توندوتیژی تاوەکو یەکلایی کردنەوەی دەعوای جەزایی.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتیی گشتی: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت و خێزان.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی: بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت و خێزان.

نۆیەم: نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی: نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت و خێزان کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت و خێزانە.

دەیەم: ناوەندەکانی ڕاوێژی خێزانی: ناوەندی تایبەتمەند بەو پرسانەی کە لە لایەن دادگاوە بۆی ڕەوانە دەکرێت بۆ ئاشتکردنەوەی نێوانی تاوانلێکراو و تۆمەتبار، یان پێشکەشکردنی ڕاوێژی خێزانی پاڵپشت بە داواکاری زیانلێکەوتوو لە توندوتیژیی خێزانی.

**ماددەی دووەم:**

ئەم تاوانانەی خوارەوە بە تاوانی توندوتیژی دژ بە ئافرەت یان خێزان دادەندرێن:

١- بەزۆر هاوسەرگیریی کردن.

٢- هاوسەرگیریی (شغار) و بەشوودانی بچووك.

٣- بەشوودان لە بڕی خوێن (دیە)

٤- بەزۆر تەڵاقدان.

٥- پچڕاندنی پەیوەندیی ڕەحم.

٦- زۆرلێکردنی ژن لە لایەن مێردەکەیەوە بۆ بەدڕەوشتی و لەشفرۆشی.

٧- هەڕەشەکردن.

٨- ناچارکردنی تاکەکانی خێزان لەسەر بەجێهێشتنی وەزیفە یان کار بەبێ ویستی خۆیان.

٩- ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و دەرۆزەکردن و بەجێهێشتنی خوێندن.

١٠- خۆکوشتن لە ئەنجامی توندوتیژی.

١١- منداڵ لەبەرچوون لە ئەنجامی توندوتیژی.

١٢- لێدانی ئافرەت یان یەکێك لە تاکەکانی خێزان و منداڵ بەهەر پاساوێك بێت.

١٣- سووکایەتی پێکردن و جنێودان و قسە گۆتن بە کەسوکار.

١٤- بەکەم تێڕوانین بەرامبەر ئافرەت یان خێزان.

١٥- ئەزیەتدان و ئەنجامدانی گوشاری دەروونی لەسەر ئافرەت یان یەکێك لە تاکەکانی خێزان.

١٦- بەزۆر سەرجێکردنی هاوسەرگیری.

١٧- سونەتکردنی مێینە کە بە کەمبوونێکی هەمیشەیی دادەندرێت، و دەبێتە بارودۆخێکی توندکار بۆ تاوانبار ئەگەر بکارەکە پزیشك بێت یان دەرمانساز یان کیمیازان یان مامان یان یەکێك لە هاوکارەکانیان و پێویستە لەسەر دادگا فەرمان بکات بە قەدەخەکردنی پیادەکرنی بۆ پیشە یان کارەکەی بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت.

## جولاندنەوەی دەعوای جەزایی و پێکهێنانی دادگا

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: دەعوای جەزایی لە تاوانەکانی توندوتیژی خێزانی یان توندوتیژی دژ بە ئافرەت بە سکاڵایەکی زارەکی یان نووسراو دەجولێندرێت کە پێشکەش دەکرێت بە دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر یان هەر بەرپرسێك لە بنکەی پۆلیس یان هەر ئەندامێکی بەرزەفتەیی دادگەریی لە لایەن تاوانلێکراوەوە یان ئەوەی بەیاسا جێگەی دەگرێتەوە یان هەر کەسێکی دیکە بە رووداني تاوانەکە بزانێت.

دووەم: هەر کەسێك بە رووداني تاوانێکی تەوندوتیژی بزانێت بۆی هەیە هەواڵ بداتە دادوەری لێکۆلینەوە یان لێکۆڵەر یان داواکاری گشتی یان بەرپرس لە بنکەی پۆلیس یان ئەندامێکی بەرزەفتەیی دادگەریی.

سێیەم: هەواڵدەر لە تاوانەکانی توندوتیژی بۆی هەیە داوا بکات ناسنامەکەی ئاشکرا نەکرێت.

چوارەم: لە هەر دادگایەکی لێکۆڵینەوە تۆمارنامەیەکی تایبەت رێکدەخرێت بەناوی (تۆمارنامەی هەواڵدەرە نهێنییەکان) تیایدا پوختەی هەواڵدان و ووتەی هەواڵدەر دەنووسرێت و بێجگە لە دادوەر یان دادگای تایبەتمەند کەس بۆی نییە بڕوانێتە ئەم تۆمارنامەیە.

**ماددەی چوارەم:**

یەکەم: لە هەر شار یان قەزا یان ناحیەیەك دادگای بەرایی تێدابێت دادگایەکی لێکۆڵینەوە و دادگایەکی کەتنی تایبەتمەند بە پرسەکانی توندوتیژی پێکدەهێنرێت.

دووەم:

١- ئەفسەرانی نووسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت و توندوتیژیی خێزانی لە هەرێم تایبەتمەند دەبن بە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی توندوتیژی

ئەگەر فەرمانێکی بۆ دەربکرێت لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر یان ئەگەر باوەڕی وابێت رەوانەکردنی هەواڵدەر بۆ دادگا یان لێکۆڵەر رێکارەکان دوادەخات ئەمەش دەبێتە مایەی بزربوونی رواڵەتکارییەکانی تاوان یان زیان گەیاندن بە رێچکەی لێکۆڵینەوە یان تۆمەتبار هەڵهاتبێت بەو مەرجەی پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوە بخرێتە بەردەستی دادوەر یان لێکۆڵەر لە کاتی تەواوکردنی.

٢- سەرجەم پرسەکانی تایبەت بەو تاوانانەی هێشتا لە دۆخی لێکۆڵینەوەدان لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە بۆ ئەم نووسینگانە رەوانە دەکرێت.

٣- ئەفسەرێك لە بنکەکانی پۆلیس تەرخان دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی توندوتیژی لەو یەکە کارگێڕییانەی نووسینگەی بەرهنگاربوونەوەی توندوتیژی تێدانییە.

## چاودێریکردنی قوربانیان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: پێویستە لەسەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم بنکەی گونجاو دابین بکات بۆ لەخۆگرتنی قوربانیانی توندوتیژی، و ئەم بنکانەش دەکەونە ژێرباری چاودێریی داواکاری گشتی و پاراستنی وەزارەتی ناوخۆ.

دووەم: پێویستە لەسەر وەزارەتی تەندروستی چاودێریی تەندروستی تەواو بەبێ بەرامبەر بۆ قوربانیانی توندوتیژی فەراهام بکات.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و ئەوقاف و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و رۆشنبیریی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندار رەواج بدەن بە رۆشنبیریی بەرهەڵستیکردنی توندوتیژیی خێزانی و توندوتیژی دژ بە ئافرەت.

دووەم: پێویستە لەسەر هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا رۆشنبیریی بەرهەڵستیکردنی توندوتیژیی خێزانی و توندوتیژی دژ بە ئافرەت بخەنە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگە حکومی و ئەهلییەکان.

## پاراستن و دوورخستنەوە

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم: فەرمانی پاراستن:

١- دادوەر لەسەر داواکارییەکی نووسراو کە لە لایەن کەسی قوربانیەوە پێشکەش دەکرێت یان راپۆرتێك کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەوە پێشکەش دەکرێت، لە حاڵەتی بوونی مەترسییەك هەڕەشە بێت لەسەر تاکێکی خێزان، بۆی هەیە فەرمان دەربکات بە پاراستن و کەسە قوربانیەکە لە یەکێك لەو بنکانە دابندرێت کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراون.

٢- پێویستە لەسەر دادگای لێکۆڵینەوە یان دادگای تایبەتمەند فەرمانی پاراستن لاببات لە کاتی دڵنیابوونی لە نەمانی مەترسی یان هەڕەشە لەسەر ئەو کەسەی کە فەرمانی پاراستنەکەی بۆ بەرژەوەندی دەرکراوە.

٣- هیچ کەسێك بۆی نییە چاوپێکەوتن بکات لەگەڵ ئەو کەسەی فەرمانی پاراستنی بۆ بەرژەوەندی دەرکراوە بەبێ رەزامەندی نووسراو یان رەزامەندی نوێنەرە یاساییەکەی ئەگەر نەوجەوان بێت یان بێ لێهاتوویی بێت، ئەویش بەسەرپەرشتی توێژەری کۆمەڵایەتی لە بنکەی لەخۆگرتن و بە ئامادەبوونی ئەفسەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی.

٤- نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی هەڵدەستن بە پێراگەیاندنی دادوەر بە نووسراو لە حاڵەتی نەمانی مەترسی یان هەڕەشە لەسەر ئەو کەسەی فەرمانی پاراستنەکە بۆ بەرژەوەندی ئەو دەرکراوە.

دووەم: فەرمانی دوورخستنەوە:

١- دادگای لێکۆڵینەوە یان دادگای تایبەتمەند بۆی هەیە فەرمانێکی خۆپارێزی دەربکات بە دوورخستنەوەی ئەو کەسەی توندوتیژیی خێزانی ئەنجامداوە لە ماڵی خێزانەکە و رێگەنەدانی بە پەیوەندیکردن بە کەسی قوربانی تاوەکو پرسەکە یەکلایی دەکرێتەوە لەگەڵ بەردەوامبوونی پێدانی تێچووەکانی خێزان ئەگەر بەخێوکاری بێت.

٢- ئەو کەسەی توندوتیژیی خێزانی ئەنجامداوە و لە خێزان دوورخراوەتەوە بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیە بۆی نییە پەیوەندی بکات بە تاکەکانی خێزانی تەنها بەرەزامەندی ئەوان یان رەزامەندی نوێنەری یاسایی تاکەکانی خێزانی نەبێت ئەگەر تەمەنی هەژدە ساڵیان تەواو نەکردبێت و قوربانیەکە بێ لێهاتوویی بێت، و چاوپێکەوتنەکەش لە شوێنێك دەکرێت کە دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگای تایبەتمەند دیاری دەکات بە بەسەرپەرشتی توێژەری کۆمەڵایەتی

له نووسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت و بە ئامادەبوونی ئەفسەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی.

٣- نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت ئەوەی ماڵی خێزانەکە دەکەوێتە سنووره کارگێرییەکەی هەڵدەستێت بە لەئەستۆگرتنی چاودێریی پیادەکردنی فەرمانی خۆپارێزی و پێویستە لەسەر نووسینگەکە لە حاڵەتی پێشێلکردنی فەرمانی خۆپارێزی دەستبەجێ دادوەری لێکۆڵینەوه یان دادگای تایبەتمەند ئاگادار بکاتەوە.

٤- ئەگەر تۆمەتبار نەوجەوان بێت ئەوا دەخرێتە بنکەی لەخۆگرتن بۆ ئەم مەبەستە یان رادەستی یەکێك لە خزمەکانی دەکرێت بەرامبەر بەڵێندانی بە پارێزگاری لێکردنی و هێنانی لەبەردەم لایەنی یاسایی تایبەتمەند لە کاتی داواکردنی.

٥- پێویستە لەسەر دادگا تۆمەتبار راگیر بکات تاوەکو دەعوایەکە یەکلایی دەکرێتەوه لە حاڵەتی پێشێلکردنی فەرمانی دوورخستنەوه لە لایەن تۆمەتبارەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

١- پێویستە لەسەر دادگا تاوانلێکراو و تۆمەتبار رەوانەی ناوەندی راوێژی خێزانی بکات لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی یان نووسینگەکانی بە مەبەستی ئەوەی بخرێنە بەردەم شارەزایانی ناوەندەکە و ئەوانەی لە خشتەی شارەزایان تۆمار کراون لە سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوه بۆ ئاشتکردنەوەی نێوانیان لە پرسەکانی توندوتیژیی خێزانی.

٢- پێویستە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ رێنمایی رێکخستنی کاری ناوەندەکانی راوێژی خێزانی دەربکات.

## حوكمە كۆتاييەكان

**ماددەی نۆیەم:**

یەکەم: حوکمەکانی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو و یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسا بەرکارەکانی دیکە لە هەرێم پیادە دەکرێن لەوەی تایبەتە بەو تاوانانەی توندوتیژی کە لەم یاسایەدا دەقنووسکراون.

دووەم: یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی جەزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو پیادە دەکرێت دەربارەی ئەوەی لەم یاسایەدا دەقی لەسەر نەهاتبێت.